
# گۆڕانە بچوکەکان، بەشاراوەیی بەرەو گۆڕانی ترسناکمان دەبەن.




**تیم ئادامس**

و. وریا ئەحمەد

دەربارەی پرۆژە سەیروسەمەرەکەی نیک بۆسترۆم، فەیلەسوفێک کە بە پیامبەری "وێرانە" ناسراوە و بەزۆری خەوی شەوانی لەخۆی حەرام کردووە، لەبری ژەمە خۆراکەکانی، تەنها شلەیەک دەخوات و گەرچی هاوسەرگیریی ئەنجامداوە، بەڵام لەڕێگەی سکایپەوە ئەرکی مێردایەتیی خۆی بەجێ دەگەیەنێت. هەموو ئەمانە لەپێناو پرۆژەکەیدا دەکات. لەچوارچێوەی پرۆژەکەیدا دوو ئەگەر و سیناریۆ دەخاتە بەردەم مرۆڤایەتی: یەکیان ترسناکە و دیستۆپیا بەرهەمدێنێت، ئەویتریان مایەی خۆشحاڵییە و یۆتۆپیای لێدەکەوێتەوە و بەسەر مەرگیشدا زاڵ دەبین! بەدیستۆپیابوون یان یۆتۆپیابوونی داهاتوو، لەگرەوی ئەوەدایە ئاخۆ سمارت ماشێن و هۆشی دەستکرد لەکۆنترۆڵ دەردەچن یان نا؟ سیستەم چۆن چارەدەکرێت؟ چارەسەرە دێرینەکان چەندیان بەکەڵکی ئێستا دێن؟ پرسی چینایەتی دەکەوێتە کوێی ئەم هەنگاوە چۆنایەتییانەی مرۆڤەوە؟ ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق چییان لێدێت؟ ئەمە لەکاتێکدا کە ڕۆژانە گۆڕانی بچوك ڕوودەدەن و ئەو ماهیەتە دێرینە جێدەهێڵین کە مرۆڤی پێ دەناسرایەوە.

لە دیدگای "نیک بۆسترۆم"ی فەیلەسوفی زانکۆی ئۆکسفۆردەوە، ئامێرە سمارتەکان لە گۆڕانکارییە ژینگەیەکان مەترسیدارترن! نیک باسترۆم، ڕۆژگارێک سەودای ئەوەی لەسەردا بوو جەستەی لەئامێری (بەستن و متکردنی بایۆلۆژی)دا هەڵبگیرێت، تا بەڵکو لەداهاتوودا بگەڕێنرێتەوە بۆ ناو ژیان. ئێستا سەرۆکی دامەزراوەیەکی سەیری نێو زانکۆی ئۆکسفۆردە. جێگایەک کە بەگشتی تا بەرەبەیان لەپشتی مێزی کارکردنەکەیەوە دادەنیشێت و سیناریۆی گریمانەیی بۆ لەناوچوونی مرۆڤ بەدەستی ڕۆبۆتی زیرەک، تاوتوێدەکات. پرۆفیسۆر نیک بۆسترۆم باوەڕی وایە هۆشی دەستکرد، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی خەون ئامێز و جوانە، ترسناک و کابوسئاساشە.

———

دامەزراوەی داهاتووی مرۆڤایەتی (future of humanity institute) لەکۆتایی کووچەیەکی کەلەپوری شێوە سەدەکانی ناوەڕاستی، لەچەقی ئۆکسفۆرددا دەدۆزیتەوە. ئەم دامەزراوەیە کە پەیمانگایەکی توێژینەوەی سەر بە زانکۆی ئۆکسفۆردە، دە ساڵ پێش ئێستا بوونیادنرا تاوەکو بەنوێنەرایەتیی هەمووومان (مرۆڤایەتی) پرسیارگەلێک بخاتە ڕوو. بەتایبەت پرسی: کامانەن ئەو ڕیسک و سەرکێشییە وجودییانەی کە هەڕەشەن لەسەر داهاتووی ڕەگەزی مرۆڤایەتی؟ چۆن ئەو سەرکێشییانە بپێوین و قەبارەی مەترسییەکەیان بزانین؟ دەتوانین چ کارێک بۆ پێشگرتن لەڕوودانیان ئەنجام بدەین؟ یان بەواتایەکی وردتر: لەجیهانێکدا کە سەرشارە لەترسی جۆر بەجۆر، دەبێت لە چ شتێک زیاتر بتۆقین و بترسین؟ کاتێک دەگەمە ئەوێ، تا لەگەڵ سەرۆکی دامەزراوەکە، پرۆفیسۆر نیک بۆستروٚم چاوپێکەوتن سازبدەم، دەبینم قەنەفەیەکی خەوتن بۆ نهۆمی دووەم دەگوازێتەوە! بەڵێ سەرکێشی و ڕیسکی وجودی، جۆرە چالاکییەکە شەو ڕۆژ ناناسێت، زۆر بە دەگمەن بۆستروٚم دەخەوێت، هەڵبەت گەر بخەوێت! بۆستروٚم، فەیلەسوفێکی تەمەن چل و سێ ساڵ، لەدایکبووی وڵاتی سوید، بەم دواییانە بەپلەیەکی هاوشێوەی پلەی «پەیامبەری وێرانە و لەناوچوون» گەیشتووە. ئەو لەنێو ئەو کەسانەی کە زۆرترین چالاکی بۆ فۆرمبەخشین بەشارستانیەتی هەنوکەیی ئێمە ئەنجامدەدەن، ناوبانگی زۆری بەدەستهێناوە. بەتایبەت لەنێو ملیاردێرەکانی دونیای تەکنۆلۆژیا لە (سلیکۆن ڤۆلی، ناوەندی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری سمارت ئەلیکترۆن)، ناوبانگی بۆستروٚم زیاتر بەهۆی کتێبەکەیەوە (هۆشی باڵا:ڕێگاکان، مەترسییەکان و ستراتیژەکان) بوو. کتێبێک کە ساڵی پار بەشێوازێکی سەیر و سەرنجڕاکێش بوو بە پڕفرۆشترین کتێبی گۆڤاری «نیۆرک تایمز» و لەئێستادا بە بەرگێکی ناسکەوە خراوەتە بازاڕەوە. ئەم کتێبە دەستخۆشی و ئافەرینی "بیل گیتس" و "ئیلان ماسک"ی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای تسێلای بەدووی خۆیدا هێنا و وتیان: ئەم کتێبە هەر دەبێت بخوێنرێتەوە. تەنانەت "ئیلان ماسک" لەپاش بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، یەک ملیۆن پاوەنی بەخشییە دەزگاکەی بۆستروٚم، تا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی خۆی پەرە پێبدات !

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی تیۆرییانە و بەهرەمەندانەیە لە بارەی مەترسییەکی جیاواز کە بە بۆچوونی بۆستروٚم، دوای ساڵانێک لە وردبوونەوە و بەڵگەهێنانەوە، گریمانکراوترین مەترسی و

هەڕەشەیە لەسەر لەناوچوونی ئێمە. ئەم هەڕەشەیە، گۆڕانی کەشوهەوا، نەخۆشییە گواستراوەکان یان کارەساتی ئەتۆمی نیە، بەڵکو داهێنانی گریمانکراو و چاوەڕوانکراوی هۆش و زیرەکییەکی هەمەکیی ئامێرییە بەم نزیکانە، کە لە هۆش و زیرەکی خۆمان باڵاترە! بەرگی کتێبەکەی بۆسترۆم بە وێنەی کوندەپەپوویەک کە خاوەنی دوو چاوی شێتئاسایە، ڕازێنراوەتەوە. کوندەپەپوو بابەتی نواندنی سەرەتای کتێبەکەیە. گرووپێک لە چۆلەکەکان سەرقاڵی دروستکردنی هێلانەن بۆ خۆیان. یەکێک لە چۆلەکەکان بە دەنگێکی ئارام دەجریوێنێت و دەڵێت: "هەموو ئێمە ئێجگار بچوک و کەم توانایین، وێنای بکەن ژیان چەندە ئاسان دەبوو گەر ئێمە خاوەنی کوندەپەپوویەک بووینایە، دەیتوانی لە دروستکردنی هێلانەکان یارمەتیمان بدات". هەموو چۆلەکەکانی تر بەدەم جریواندنەوە، ڕازیبوونی خۆیان بۆ ئەم بۆچوونە ڕادەگەیەنن: کوندەپەپوو دەتوانێت بەرگری لە چۆلەکەکان بکات، دەتوانێت پارێزگاری لە گەورە و بچوکیان بکات، دەتوانێت هەل و چانسی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێت تا لە ئارامی و خۆشگوزەرانییدا بیگوزەرێن. بەم خەیاڵپڵاوییانەوە لە زەینی خۆیاندا، چۆلەکەکان چیتر ناتوانن جۆشوخرۆش و هەڵچوونی خۆیان کۆنترۆڵبکەن و بۆ گەڕان بەدوای ڕزگارکەر و فریادڕەسێکدا، کە ژیانیان دەگۆڕێت، لەشەقەی باڵ دەدەن و دەفڕن. تەنها یەک دەنگی جیاواز و دژ دێتە بەرگوێ، ئیسکرڤینگ فینگڵ، چۆلەکەیەکی یەک چاو و توڕە و بەدخوو، ئەو بەڵگە و بیانووانەی کە بۆ بەرگری لەم کارە دەهێنرێنەوە، قبوڵناکات. ئەو دەڵێت: " ئەم کارەتان، بێ گومان دەبێتە هۆی لەناوچوونمان. ئایا نابێت سەرەتا بیر لەهونەری ڕامکردن و ماڵیکردنی کوندەپەپوو بکەینەوە، پێش ئەوەی ئەم جۆرە بوونەوەرە بێنینە ناو ژیانی خۆمانەوە؟". چۆلەکەکان ئەم ئاگادارییەی ئەو لەبەرچاوناگرن. ڕامکردن و ماڵی کردنی کوندەپەپوو کارێکی ئاڵۆزە، بۆ سەرەتا کوندەپەپووەکە نەهێنین و دواتر بەشەکانی تری کارەکە تەواو دەکەین؟ کتێبەکەی بۆسترۆم، کە ڕاگەیاندنی مەترسی و هەڕەشەیەکی گوێکەڕکەرە، بە ئیسکرڤینگ فینگڵی چۆلەکەی ناڕازیی پێشکەشکراوە. بۆسترۆم ئاگادارییەکانی خۆی بە فۆرم و شێوازێکی شایستە و هاوکات بە نیگەرانییەوە خستۆتەڕوو. ئەو، بە ئالودەبوو بەکار و وەسوەسە لەکاردا، ناوبانگی ڕۆیشتووە، جەستەیەکی لاواز و ڕەنگێکی پەڕیو، شەو بێدارێکی خەو لەچاوا زڕاو و بەزۆری تا دەمەو بەیان لە نوسینگەی کارەکەی دەمێنێتەوە. ئەو کەسێکە هیچ شتێک بۆ سوتفە و ڕێکەوت بە جێ ناهێڵێت.

بۆسترۆم لەبری ژەمەکانی خۆراک، بە باشی دەزانێت جۆرە ئیکسیرێکی شلەمەنی بخوات کە سەوزەوات و جۆ و شیر و پۆدری پەنیری تێ کراوە. ئەوانەی بۆ چاوپێکەوتن چوونەتە لای، دەڵێن بۆسترۆم بە بیانووی خۆپاراستن لە نەخۆشییە گواستراوەکان خۆی لە تەوقەکردن و دەستدان بەدوور دەگرێت! ئەو لەگەڵ مندا تەوقەی کرد، بەڵام وام هەست کرد مادەی دژە بەکتریای لەدەستی دابێت تاوەکو لەپاش ڕۆیشتنی من، لەئالودە بوون پاکیان بکاتەوە. ڕەنگە بەهۆی ئەم کەڵکەڵانەوە بێت، نەختێک ناجێگیر و بێزار دیارە، و هەڵبەت هەوڵیش نادات ئەمە بشارێتەوە یان خۆی لێ لابدات. ئەو لەکتێبەکەیدا دەربارەی «تەقینەوەی ئاگایی» قسە دەکات، تەقینەوەیەک ئەو دەمە ڕوودەدات ئامێرە سمارتەکان کە ئێجگار لە ئێمە زیرەکترن، دەستدەکەن بە دیزاینی ئامێری تر بۆ خۆیان!

بۆسترۆم دەنوسێت: " لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دیمەنی تەقینەوەی ئاگاییدا، ئێمەی مرۆڤ وەکو ئەو منداڵانە وەهاین کە یاری بە تەقەمەنی دەکەن. ئێمە نازانین تەقینەوەکە کەی ڕوودەدات. بەڵام گەر بۆمبەکە لەگوێی خۆمان نزیکبکەینەوە، گوێبیستی دەنگی تیگ تاگێکی هێواش دەبین ". کاتێک لەگەڵ بۆسترۆمدا هەڤپەیڤین دەکەیت، هەست دەکەیت ئەو تیگ تاگە هێواشە لەناو گوێیەکانی ئەو هیچ کات بەتەواوی خامۆش نابێت. سەرەتا لەبارەی سەرکەوتنی کتێبەکەیەوە قسان دەکەین، ئەوەی کە چۆن بووە بەهۆی سەرنجڕاکێشان و پەرچەکردارنواندنی هەموان. بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی نامەیەکی کراوە کە ئیمزای هەزار زانا و داهێنەری گەورەی بەسەرەوە بوو، لەوانەش ستیڤن هۆکینگ و ( ستیڤ وازنیک ) یەکێک لەبوونیادنەرانی ئەپڵ و (ماسک)ی بەڕێبەری کۆمپانیای تسێلا. ئەم نامەیە لە ڤیستیڤاڵی نیودەوڵەتی «ژیریی دەستکرد» لەساڵی ڕابوردوودا، خوێنرایەوە. نامەکە خوازیارە پێش بە پەرەدان و بەکاربردنی چەکە ئۆتۆماتیکیەکان بگیرێت (ڕۆبۆتە بکوژەکانی ناو فیلمە خەیاڵییە زانستییەکان، کە بوون بە واقیعیان ئێجگار نزیکە). بۆسترۆم گەرچی لە بەهرە و تواناکانی خۆی بەئاگایە، بەڵام لەبارەی کاریگەری و ڕۆڵی خۆی، خۆنەویستانە ڕەفتاردەکات. ئەو وتی کە ئەم ڕێکەوتە هاوکاتییە مایەی خۆشحاڵییە (ئەوەی کە هاوکات و بەڕێککەوت نامەی هەزاران زانا لەبارەی مەترسیی ڕۆبۆتە زیرەکەکان، و کتێبەکەی ئەم پێکەوە بڵاو بوونەوە). بۆسترۆم دەڵێت: "توانای فێربوونی ئامێر و فێربوونی قووڵ (ئەو ئۆلگۆ ڕیتمە کۆمپیوتەرییە پێشکەوتووە دەمارییانەن، کە بە دیقەت و

وردییەکی بێ وێنەوە، لاسایی شێوازی کارکردنی مێشکی مرۆڤ دەکەنەوە)، لەم ساڵانەی دواییدا زۆر لەوە خێراتر پێشکەوتن کە ئێمە پێشبینییمان کردبوو. ئەم بابەتە بێگومان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆچی ئەم پرسە بۆ مەسەلەیەکی هێندە گەورە گۆڕدراوە. خەڵکی بەچاو دەبیینن کە بواری تەکنۆلۆژیا لەدۆخی پێشکەوتنیدایە، و هەنگاوەکانی دواتر دەبێتە دەغدەغەی فیکریی ئەوان".

بۆستروٚم ئەم لێکەوتانە (بالقوە) و ئەگەرییانە وەها دەبینێت کە پرسێکی داروینین. ئەگەر ئێمە ( هۆشێکی ئامێریی ) لەخۆمان زیرەکتر دابهێنین، و دواتر ئازادی بکەین تاوەکو لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە فێرببێت و پەرەبەخۆی بدات، هیچ بیانوو و دەلیلێک و ڕێگرییەکی نیە تا لەپێناو مسۆگەرکردنی دەسەڵات و هەژموونی خۆی، ڕێ و شوێن و ستراتژی گەلێک نەگرێتەپێش. واتە ڕێک و ڕەوان هەر بەو جۆرەی لە دونیای سرووشت و ژینگەی سروشتی دا دەبیینین. بۆستروٚم هەندێک جار سود لە نمونەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و شامپازەکان دەبینێت تا پەیوەندیی تاکلایەنەیی شێوەملکەچانە وەسف بکات. هەروەک ڕووداوەکەی نێو پارکی کێوی (سینسیناتی)یش ئەم ڕاستەیە دەسەلمێنێت ( لەم پارکەدا بەهۆی ئەوەی منداڵێک دەچێتە ناو سیاجی شامپازەیەکەوە، بۆ پاراستنی گیانی منداڵەکە، بەفیشەک شامپازەکە دەکوژن). ئەم پرسە هەرگیز کۆتاییەکی دڵخۆشکەری نیە، هۆش و زیرەکیی ئاست نزم بۆ مانەوەی خۆی لەژیاندا، وابەستەی هۆش و زیرەکیی باڵا و ئاست بەرزە. کاتێک بۆستروٚم سیناریۆی جۆراوجۆر لەکتێبی "هۆشی باڵا"دا دەخاتە بەرباس، ئەوهەستەت لا دروستدەبێت کە ئەو زیاد لەپێویست ئەو داستان و چیرۆکانەی بواری "خەیاڵی زانستی"ی خوێندۆتەوە کە خۆی وای پیشاندەدات لێیان بێزارە. یەکێک لەو سیناریۆیانە بەم جۆرەیە: سەرەنجام ڕۆژێک سیستەمێکی هۆشیی دەستکرد، نانۆکارگەی نهێنی دروستدەکات و گازی ژەهراوی یان ڕۆبۆتی مێشولەئاسای گەڕۆک بەدوای ئامانج دا بەرهەمدێنێت! کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە هاوکات و لەپڕدا لەهەر مەترێکی چوارگۆشە لەم گۆی زەوییەوە بەلێشاو بێنە دەرەوە تاوەکو مرۆڤە کەم بایەخ و زیادە و لەخۆڕا هەبووەکان لەناوبەرن. بەگوێرەی سیناریۆیییەکی تر، ڕەنگە ئەمەیان زیاتر جێگای باوەڕ بێت، **هۆشی باڵا پرۆسە سیاسییەکان کۆنترۆڵدەکات، دەستکاری بازاڕ و ناوەندەکانی دارایی دەکات و دەیانگۆڕێت بۆ فۆرمێکی تەواو**

**ئالۆز، ڕەوتی زانیارییەکان بەلاڕێدا دەبات، یان سیستەمە جەنگی و بەرگرییەکانی دەستکردی مرۆڤ، هاکدەکات!** هەمووی لەپێناو قەلاچۆکردنی ڕەگەزی مرۆڤ! ئایا ئەو خۆی لەپێگەی پەیامبەرێک دا دەبینێت؟ بۆستروۆم خەندەیەک دەکات: "نە بەو ڕادەیەش، شتەکە بەو جۆرە نیە کە من پێم وابێت دەزانم ڕووداوەکە چۆن ڕوودەدات و ئێستا من بێم و پەیامی خۆم لەم بارەیەوە بەجیهان ڕابگەیەنم. لەڕاستی دا زیاتر هەستدەکەم لەمەڕ ئەم پرسەوە زۆر نەزان و ئێجگار سەرلێ شێواوم، بەڵام کاتێک ساڵانێکی دوورودرێژ لەسەر ئەم ئەگەر و گریمانانە لێکۆڵینەوە دەکەیت، دەتوانیت بەرچاوڕوونی بچوک و بەشەکی لێرە و لەوێ بەدەست بێنیت. ئەگەر ئەم بەرچاوڕوونییانە لەگەڵ بەرچاوڕوونیی تر کۆبکەیتەوە کە بەئەگەری زۆر خەڵکانێکی تر بەدەستیانهێناوە، ئەوکات ڕەنگە بگەین بە تێگەیشتنێکی باشتر".

بۆستروۆم لەڕێڕەوی جووڵانەوەی " لەمرۆڤ سەرووترگەرایی "ییەوە بەم پرسیارانە گەیشتووە. بۆستروۆم چاخی دیتجیتاڵی بە چاخێک کە خاوەنی ماتەوزەیەکی بێ پێشینە و بێ وێنەیە، هەژمار دەکات. ماتەوزەیەك بۆ باشترکردنی توانا فیزیکی و زەینییەکانی ئێمە و بەزاندنی سنوری مەرگ و فەنابوونی ئێمە. بۆستروۆم هێشتا ئەم ئەگەرە وەک سیناریۆی باشترین حاڵەتی هۆشی باڵا، لە داهاتوودا لەبەرچاوەدەگرێت. کە تێیدا ئێمە تەکنەلۆژیا ڕامدەکەین تاوەکو بەسەر نەخۆشی و ئازاردا سەربکەوین، خۆراکی دانیشتوانی زەوی دابین بکەین، و یۆتۆپیایەک بۆ شکۆفەکردنی بەهرەکانی مرۆڤ بەباربێنین و ڕەنگە سەرئەنجام مەرگیش ببەزێنین! بۆستروۆم لەڕابردوودا ئەندامی دەزگای ئالکور بووە. دەزگایەکی پێشەنگ و دەستپێشخەر لە بواری (ژینگەی بەستوو/ متکردنی بایۆلۆژی) کە بەڵێن دەدات جەستەی مرۆڤ لەئامێری ساردکەرەوەدا دەبەستێنێت، بەو ئومێدەی کەوا ڕۆژێک بتوانین وزە و هێزێکی نوێ بە زەین ببەخشین و لەشێوەی دیجیتاڵدا ئاپلۆدی بکەین و ژیانی ئەبەدی بەدی بهێنین. کاتێک ڕاستەوخۆ و بێ پەردە لە بۆستروۆمم پرسی کە لەم زەمینەیەدا چ بەرنامەیەکی هەیە، شەرمێک دایگرت و بەخەجاڵەتییەوە وتی: "وا ڕاهاتووم هەرگیز لەبارەی شێوازی کفن و دفنی خۆم قسە نەکەم". ئایا پێت وایە توێژینەوەکانی بواری (متکردنی بایۆلۆژی) هیچ بەهایەکیان هەبێت؟ بۆستروۆم دەڵێت: " تاڕادەیەک عەقڵانی دەردەکەوێت کە خەڵکی بەم کارە

هەستن، هەڵبەت گەر توانای داراییان هەبێت بۆ ئەم کارە [چونکە ئەمەش ڕیشەیەکی مادی و چینایەتیی هەیە].

کاتێک بیردەکەیتەوە کە ژیان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەتوانێت چۆن بێت، هەوڵ و کۆشش بۆ خەزنکردنی زانیاری لە نێو مێشکتان هەڵبژاردەیەکی لۆژیکیترە بەبەراورد بەوەی کە مێشکی خۆتان بسوتێنن و فڕێی بدەن (یان لەپاش مەرگ مێشکتان دفن بکرێت و شی ببێتەوە)، مەگەر ئەوەی بەتەواوی لەوە دڵنیابیتەوە کە ئەو زانیارییانەی خەزندەکرێن ئیتر هەرگیز سودمەند نین....." لەخۆم دەپرسم، لە چ خاڵێک و لەکوێ، گەشبینییە (لەمرۆڤ سەرووترگەرایی)یەکەی بۆستروم جێگەیان بۆ دیدگا کابوسئاساکەی لەبارەی هۆشی باڵاوە چۆڵکردووە. ئەو دەڵێت بەڕاستی هەڵوێستی خۆی نەگۆڕیوە، بەڵکو بە هەردوو گریمانە و ئەگەرەکەوە، بەهەشت و دۆزەخی داهاتووی دیجیتاڵیی ئێمە، بە پارادۆکسێکی پڕ ئاشوبەوە، پابەندە! ئەو دەڵێت: " من بابەتی زۆرم لەسەر ئەخلاقی باشتربوونی توانا جەستەییەکانی مرۆڤ لە ناوەڕاستی دەیەی نەوەدەکان دا نوسی، زەمانێک کە بەشی زۆری ئەم قسە و باسانە لەلایەن ئەهلی زانکۆکانەوە ڕەتدەکرایەوە. ئەوان هەمیشە ئەو هزرەیان هەبوو کە بۆچی لەبنەڕەتدا کەسێک لەڕووی گۆی زەوی دەیەوێت دەرمانی پیری بکات؟! ئەوان لەبارەی زۆربوونی لەڕادە بەدەری ژمارەی دانیشتوان و تاقەت پڕووکێنیی ژیانی دوورودرێژ و تەمەنی درێژ، قسە و باسیان دەکرد. ئەوان درکی ئەو خاڵەیان نەدەکرد کە هەموو توێژینەوە پزیشکییەکان هەر لەم پێناوەدا ئەنجامدەدرێن: لەپێناو درێژکردنەوەی تەمەن. هەمان پرس بۆ گەشەدان بە توانا زەینییەکانی مرۆڤیش ڕاستە. گەر تۆ سەرنجی ئەو بابەتانە بدەیت لەو زەمانەدا نوسیومن، زیاتر لایەنی گەشبینیان پێوە دیارە. بەڵام من هەمیشە لەبارەی سەرکێشی و ڕیسکەکانی وجودیشەوە، بیردەکەمەوە". یەکێک لەنیگەرانییە هەمیشەییەکان ئەوەیە کە ئەم دەستکەوتانە، بۆ نمونە ئەو حەبانە دەتوانن تۆ زیرەکتر بکەن یان پرۆسەی پیربوون خاو بکەنەوە، بەپێچەوانەی سیستەمی سرووشتەوەیە، ئایا بۆستروم ئەم خاڵەی لەبەرچاوگرتووە؟ باستروم دەڵێت: " گومان ناکەم هیچ کات پرسی سرووشتی و پرسی کاری باشم لەیەک ئاست و لەبەرانبەری یەک دانابێت. شێرپەنجە سرووشتییە، جەنگ سرووشتییە، ئەو مشەخۆرانەی کە ئەندامە هەناوییەکانی جەستەی تۆ دەخۆن سرووشتیین، کەواتە لۆژیکی (بە بنەماگرتنی سرووشت)، هیچ کات تێگەیشتنێکی ئەوەندە

سودمەند نیە بۆ درکی ئەوەی کە ئێمە دەبێت چی بکەین. بەڵێ، چەندین تێبینی و سەرنجی ئەخلاقی لەئارادا هەن، بەڵام تۆ دەبێت هەنگاو بەهەنگاو و بەجیا لەبارەی هەریەکەیانەوە حوکم بدەیت. دەبێت ئەوەت لەیاد بێت من کەسێکی «لەمرۆڤ سەرووترگەرایی/-trans humanist»م. من حەبی درێژکردنی تەمەنی خۆم هەر ئێستا دەوێت. ئەگەر حەبێک هەبێت بتوانێت توانای زەینی من ١٠٪ زیاتر بکات، من ئامادەم پارەیەکی زۆری لەپێناودا خەرج بکەم". ئایا ئەو حەبانەی بەکارهێناوە کە پێی وایە تەرکیز زیاد دەکەن؟ بۆستراۆم : "تاقیمکردوونەتەوە، بەڵام زۆر نا. قاوە دەخۆمەوە، بنێشتی نیکۆتیندار دەجووم، هەر ئەمانە و تەواو. ئەوەی کە من لەم بوارەدا شتێکی تر ناکەم، هێشتا قەناعەتم نیە شتێکی تر هەبێت لەم بوارەدا کاریگەر بێت". ئەو، بۆستراۆم، هیچ ترسێکی لە تاقیکردنەوە و ئەزموون نیە. لەکاتی کاردا، وەک خووی پێوە گرتووە، لەگۆشەیەکی ژووری نوسینگەی کارەکەی لەنێوان دە بۆ بیست گڵۆپ دادەنیشێت! وا دیارە بۆ سەر سپاردن بە ئایدیایەکی ڕۆشنگەرانە ئەم کارە دەکات. بۆستراۆم تاقانە منداڵی خێزانێک بوو لە شاری کەنار دەریای هلسینگ بۆرگ لە سوید گەورە بوو .هەروەک زۆرێک لە منداڵە بەهرەدارەکانی تر، نەفرەتێکی گەورەی لە قوتابخانە هەبوو. باوکی کارمەندی بانک و دایکی کارمەندی کۆمپانیاییەکی سویدی بوو. بە بیری نایەت لەسەر مێزی نانخواردن هیچ جۆرە گفتوگۆیەک دەربارەی فەلسەفە یان هونەر یاخود کتێب ئەنجامدرابێت. بە سەرسوڕمانەوە لەوەی کە چۆن ئەم پرسە گەورانە بوون بە وەسوەسەی فیکریی ئەو، لێی دەپرسم: ئایا تۆ هەمیشە منداڵێکی دڵ پڕ لەترس و نیگەرانی بوویت؟ ئایا هەمیشە هەستێکی بەهێزت لەبارەی مەرگەوە هەبوو؟ بۆستراۆم دەڵێت: "پێم وابێت ئەم هەستەم هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە هەبووبێت. نەوەک لەبەر ئەوەی لەئاستانەی مردن بووبێتم یان شتێکی لەم شێوەیە. بەڵام بیرمە لەمناڵیمدا زۆر بیرم لەوە دەکردەوە دایک و باوکم ڕەنگە تا ئێستا تەندرووست بن، بەڵام خۆ بڕیار نیە تاسەر هەروا بەهێزتر و گەورەتر لە من بمێننەوە". ئایا ئەم بیرکردنەوە و ئەندێشانە شەوان بە بێداری دەیهێشتیتەوە؟ بۆستراۆم: " ئەم بیرکردنەوانەم لەئێستادا وەک نیگەرانییەک، نایەتەوە بیر، بەڵکو وەک جۆرە هەستکردنێک بە خەمۆکی دێنەوە بیرم". ئایا ئارەزووی ژیانی نەمری ڕیشەی لەو بیرکردنەوانەی منداڵیت دا هەبوو؟ بۆستراۆم: " نەخێر. پێم وانیە هیچ جۆرە ئارەزوویەکی جیاواز و تایبەت بوونی هەبووبێت کە من بە بەراورد بەوانی

تر لەپەیوەندیدا بەم بابەتەوە، هەمبووبێت. من نامەوێت تووشی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە ئەستورە ببم، کێ ئەمەی دەوێت؟ گەر پێنج سەد ساڵ بژیم کێ چوزانێت من چ جۆرە هەستێکم دەبێت؟ پرسەکە ئەوەندەش وەسوەسەی ئەبەدیەت نیە، بابەتەکە تەنها ئەوەیە کە مردنی پێش وەختە شتێکە لەنیگای یەکەمدا بەد و خراپە و تەواو". بەشێکی گەورەی کتێبەکەی پرسیارگەلی زۆر دەربارەی ئەوە دەخاتەڕوو کە چۆن دەتوانین هۆشی باڵا، کە چ لە پەنجا ساڵی داهاتوودا بێتە بوون و چ لە پێنج سەد ساڵی داهاتوو، دەستەمۆبکەین و لەگەڵ مرۆڤبوونی خۆماندا بیگونجێنین؟ **بۆستروۆم زیاتر ئەم پرسە وەک قەیرانێکی تەکنیکی وێنادەکات تا ئەوەی کێشەیەکی سیاسی یان فەلسەفی بێت. هەرچەند من وای دەبینم بەشێکی گەورە لە چوارچێوەی ئەخلاقی ئێمە، هەستکردنمان بە باشی، بەرمەبنای ئەزموون و تێگەیشتنمانە لە دەرد و ئازار، و هەستکردنمان بە جەستەی خۆمان.** چۆن هۆشێکی نا ئۆرگانی دەتوانێت لەمە تێبگات؟ بۆستروۆم دەڵێت: " شتانێکی زۆر هەن کە ڕۆبۆت و ئامێرەکان ناتوانن لێی تێبگەن، چونکە هێشتا هێندە هۆشمەند نین. بەڵام کاتێک بەئەندازەی پێویست هۆشمەند ببن، ئەوکات پێم وانیە هیچ کێشەیەکی دیاری کراو لە تێگەیشتن لەمەرگ و ئازاری مرۆیی بێتە ڕێیان". ئەو دەڵێت ئەم تێگەیشتنە، دەتوانێت ڕێگایەک بێت تا فێریان بکەین ڕێز لەبەهاکانی مرۆڤ بگرن. "بەڵام ئەمە وابەستەی ئەو پرسیە کە گریمانەی تۆ بۆ ئەخلاق چیە. گریمانەیەکی لەم شێوە دەکرێت زیاتر پەیوەست بێت بە ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی و ئازادی ئەوانیتر. یان بریتی بێت لە هەوڵ و کۆشش بۆ دەستڕاگەیشتنی گروپ و کۆمەڵێک بە شتی جوان". بۆستروۆم لەم بارەوە بیردەکاتەوە، بەڵام نازانێت بەڕاستی چۆن ئەم بابەتانە لەسەرەتای بنیاتنانی پەیکەری ڕۆبۆت و ئامێرەکان دا تێیاندا بچێنرێت، تاوەکو بەر بە ڕوودانی کارەسات بگیرێت. بەهیچ جۆرێک گونجاو نیە سەرەتا کوندەپەپووەکە بێنیت و دواتر بیربکەیتەوە کە چۆن پەروەردەی بکەیت و لە بواری سیستەمە زیرەک و هۆشمەندەکانەوە کە هەر ئێستا لەچەندین بواری جیاوازدا باشترن لە هۆشمەنترینی مرۆڤەکان، گفتوگۆ لەبارەی چۆنیەتیی ئەنجامدانی ئەم کارە، هەر ئێستاش درەنگە. هەستکردن بە گرنگیی بیرکردنەوە لەبارەی هەموو ئەم شتانەوە، تا ڕادەیەک لەوشتەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆستروۆم بە ئەزمونی "کەشف و شهود" ناویدێنێت. ئەزموونێک کە لەقۆناغی هەرزەکاری ئەودا ڕوویدا. ئەو لەساڵی ١٩٨٩ دەچێتە کتێبخانە و بەرێکەوت کتێبێک هەڵدەبژێرێت

که ناوەڕۆکی کتێبەکە هەڵبژاردەیەکە لە فەلسەفەی ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەدا، کە لەخۆگری فەلسەفە و چەند بەرهەمێکی نیچە و شۆپنهاوەر بووە. ئەم کتێبە سەرنجی بۆستڕۆم ڕادەکێشێت و لە دارستانێکی نزیک بە کتێبخانەکە دەیخوێنێتەوە، لەفەزایەکی کراوەدا کە ڕۆژانە دەچووە ئەوێ تا شیعر و هۆنراوە بنوسێت. لەو چرکەساتەنەدا ئەو هەستێکی نامۆ لەبارەی ئەگەرەکانی فێربوون ئەزموندەکات. ئایا ئەمە هاوشێوەی ئەزموونی ئاینگۆڕین بوو؟ بۆستڕۆم دەڵێت: " زیاتر جۆرە بەئاگاهاتنەوەیەک بوو. وام هەستکرد بەدرێژایی ژیان تا ئەو چرکەساتە تەنها خەوگەڕییم کردووە و لەخەودا بووم، ئێستا لەبارەی جیهانێکی گەورەترەوە بەئاگا هاتم کەپێشتر وێنایشیم نەکردبوو". بۆستڕۆم، سەرەتا بە سودبینین لە پێڕست و ڕێنماییەکانی ناو کتێبە فەلسەفییەکان، پرۆسەی خۆفێرکردن دەستپێدەکات. بە هەڵپە و شورەوە کتێب دەخوێنێتەوە، و لەکاتی دەستبەتاڵییدا شیعر دەنوسێت و وێنەدەکێشێت. سەرەنجام لە بەشی فەلسەفە و ماتماتیک لە زانکۆی گۆتەنبەرگ خوێندن تەواودەکات. دواتر لەزانکۆی ئابوریی لەندەن دکتۆراکەی تەواودەکات و لەزانکۆی «ییێڵ» وانەدەڵێتەوە. ئایا دواتر درێژەی بەشیعر نوسین و وێنەکێشان داوە؟ بۆستڕۆم دەڵێت: "لەخاڵێکدا وام بەبیردا هات کە خوێندنەوەی ماتماتیک گرنگترە. باوەڕم بەوە هێنابوو کە جیهان هەر لە زووە چەندین تابلۆ و وێنەی تێدایە و پێویستی بە تابلۆ و وێنەکانی من نیە، بۆ شیعریش هەروا، بەڵام کێ ناڵێت ئەم جیهانە پێویستی بەچەندین ئایدیای تر نەبێت لەبارەی بەڕێوەبردنی داهاتووەوە؟". یەکێک لەو بوارانەی کە هۆشی دەستکرد تێیدا لەدۆخی پێشکەوتندایە، بریتییە لە توانایی لە دروستکردنی موزیک و هێنانە بوونی بەرهەمی هونەری، و تەنانەت لەنوسینیشدا. ئایا بۆستڕۆم وا بیرناکاتەوە کە ئەم کایەیەش بەخێرایی لەلایەن هۆشی باڵای ئامێرییەوە داگیر دەکرێت؟ یان دەبێتە دوا پەناگەی مرۆڤایەتی؟ "من ئەم پاگەندەیە قەبوڵ ناکەم گوایە ئەمڕۆ ژەنیارە ڕۆبۆتئاساکانی هۆشی دەستکرد دەتوانن کێبەرکێی ژەنیارانی گەورە بکەن. ڕەنکە لە پارچە موزیکێکدا بتوانن، بەڵام بەدرێژایی سەمفۆنیایەک ناتوانن ئەم کارە بکەن. لەبارەی هونەریشەوە، ڕەنگە بتوانرێت هونەر کۆپی بکرێت، بەڵام خودی چالاکی هونەری خۆ خۆی لەخۆیدا خاوەنی بەهایەکە، تۆ هێشتا تەنیا لەپێناو خودی چێژی وێنەکێشانە کە نەقاشی دەکەیت".

ڕەسەنایەتیی دەستکردی مرۆڤ، ڕۆژبەڕۆژ گرنگییەکەی زیاتر دەبێت؟ بۆسترۆم: " بەڵێ ئەمە تەنیا پەیوەندیی بەهونەرەوە نیە، تەنانەت ئەگەر ئامێر و ڕۆبۆتەکان ڕۆژێک بتوانن کاروبارەکان باشتر ئەنجام بدەن لەوەی کە ئێمە پێیان هەڵدەستین، هێشتا ئێمە درێژە بەو کارانە دەدەین، چونکە ئێمە چێژ لەو کارانە دەبینین. **گەر خەڵکی یاری گۆڵف ئەنجامدەدەن، لەبەر ئەوە نیە کە پێویستیان بەوە بێت تۆپەکە بەشێوازێکی جوان بکەوێتە نێو کونەکانەوە، بەڵکو لەبەر ئەوە بەم کارە هەڵدەستن چونکە چێژی لێ دەبینن. هەرچەند ئامێرەکان زیاتر و زیاتر بتوان ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە ئێمە دەتوانین، ئەوا ئێمە زیاتر گرنگی بەوکارانە دەدەین چونکە بەها و نرخیان هەیە لامان**". بۆسترۆم لەسەرەتای کاری فیکری دا، لەپێناو پەرەدان بە بەهرەکانی، چەندین جار نمایشی "ستاند ئاپ"ی کۆمیدی فەلسەفیی ئەنجامداوە (نمایشێکی وتاردەرانە و تەنزئامێزی سەر شانۆیە). بۆیە کاتێک لەگەڵی دەدوێت یان بەرهەمەکانی دەخوێنیتەوە، دەبینیت لە شیکردنەوە و ئارگۆمێنتەکانی دا هەمیشە ڕەگێکی کۆمیدی ئامادەیە. سێنتراڵ و کرۆکی نمونە و دیاردەکانی ناو وتارە سەیرو سەمەرەکانی ئەو، هەردەم لەسەر بنەمای پێوەرگەلی وەک (خۆڕاگر)، (شکێنەر) و (دۆزەخی) ڕێکدەخرێن. لە پێشەکیی کتێبی "هۆشی باڵا"دا، ئەم ڕستەیە " زۆرێک لەخاڵەکان و بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە بەئەگەرێک ناڕاستن" دەبینرێت کە لەپەراوێز دا ئەم ڕستەی بۆ داناوە: " من نازانم کام خاڵ و بابەتانەن کە ناڕاستن؟!". ئایا بۆسترۆم هەندێک جار هەست بەوە دەکات کە کەسێتی (داگلاس ئادەمس، سیناریۆنوس و نووسەری هەندێک لە سیناریۆی فیلمەکانی ئالفرێد هیچکۆک)ی لەخۆ گرتووە؟ بۆسترۆم دەڵێت: " هەندێک جار نوسینەکەم سەیروسەمەرە دێتە بەرچاو. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەوەش بۆ خۆی سەیروسەمەرەیە خەڵکی جیهان لەئاست ئەو شتانەی بڕیار وایە لەسەدەی بیست و یەک ڕوودەن، بێ هەڵوێست و بێ باکن. تەنانەت ئەوانەی کە لەبارەی پرسی گەرمبوونی زەوییەوە قسەدەکەن، هیچ کات هیچ هەڕەشە و مەترسییەکیان لەلایەن هۆشی دەستکردەوە باسنەکردووە!". چونکە ئەم بابەتە پەیامەکەی ئەوان لاوازدەکات یان کاڵیدەکاتەوە؟ بۆسترۆم: " ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت من پێموایە لەهەر قۆناغێکی مێژوویيدا تەنیا یەک کەڵکەڵە و خەم و پرسی فەرمی دەتوانێت بوونی هەبێت. ئەو پرسەی ئێستاش هەیە، گۆڕانکارییەکانی کەش هەوا یان پرسی تیرۆرە. کاتێک من گەنج بووم، پرسەکە بریتی بوو

لەجەنگی ئەتۆمی. دواتر گۆڕا بۆ تەقینەوەی ژمارەی دانیشتوان. ئەم پرسانە یەک لەویتر ماقوڵترن، بەڵام هەڵبژاردنیان وەک کێشە و پرس، بەڕاستی بەتەواوەتی ڕێکەوتە". بۆستروۆم دەیەوێت و هەوڵدەدات ئەم ڕێکەوتبوونە بە سودبینین لە ماتماتیک شیبکاتەوە. ئایا وا بیردەکاتەوە کە نیگەرانییەکان لەبارەی هۆشی دەستکردەوە وەک ڕووداوێکی چاوەڕوانکراوی نزیک، لە ئایندەیەکی نزیکدا، بەسەر نیگەرانییەکانی گەرمبوونی زەوی زاڵدەبێت و پرسی هۆشی دەستکرد دەبێتە پرسی ڕۆژ؟ بۆستروۆم دەڵێت: "بە دووری دەزانم، ئەم ڕووداوانە پلە بەپلە و بەفۆرمێکی هەست پێنەکراو دێنە ڕوودان، بەبێ ئەوەی بوار بدەن گرنگییان پێ بدەین لەکاتی خۆیدا".

گەر بمانەوێت سەرچاوەی دەرکەوتنی ئەم ڕووداوانە بزانین، ئەوا گوگڵ شوێنێکی گونجاوە، چونکە گۆگڵ لەدۆخی تەرخانکردنی بەشێک لە تواناکانی خۆیەتی بۆ تەکنۆلۆژیای ئالگۆریتم و فێربوونی قوڵ، و بەتایبەت گوگڵ کۆمپانیاییەکی دەستپێشخەریکەری لەبواری داهێنانی هۆشی دەستکرد، بەناوی کۆمپانیایی دیپ مایند لەساڵی ٢٠١٤ کڕی. گوگڵ وا دەردەکەوێت خاوەنی لیژنەیەکی ئەخلاقی بن بۆ پرسی هۆشی دەستکرد، تاوەکو ئەم لیژنەیە ڕووبەڕووی ئەم پرسانە بکرێنەوە. بەڵام هیچ کەسێک نازانێت ئەندامەکانی ئەو لیژنەیە کێن؟ ئایا بۆستروۆم باوەڕی بە درووشمی ئەو لیژنەیە، واتە (شەیتانئاسا مەبن) هەیە؟ بۆستروۆم دەڵێت: "بێ گومان لەنێو کەسانی ئامادە و ئەندام لەجیهانی تەکنۆلۆژی دا، ڕۆشنبیری و کەلتورێک بوونی هەیە کە بەهۆیەوە دەیانەوێت وا هەست بکەن سەرقاڵی کارێکن ئامانج لێی تەنها پارە پەیداکردن نیە، بەڵکو کارەکەیان خاوەنی جۆرە ئامانجێکی ئەرێنیی کۆمەڵایەتییە. ئا ئەم ئایدیالگەراییە لەنێو ئەوان دا بوونی هەیە". ئایا بۆستروۆم دەتوانێت لە فۆرمبەخشین بەم ئایدیالگەراییە ڕۆڵ بگێڕێت؟ بۆستروۆم دەڵێت: "پرسەکە بەگشتی ئەوە نیە کاریگەری و ڕۆڵی تاک و کەس گرنگ بێت. هەر کەسێک کە خاوەنی ڕۆڵێک بێت لە خستنەڕووی ئەم ئەرگۆمێنتانە، ئەوا کەسێکی پڕ بایەخە. گەر بڕیار وایە دۆخی مرۆیی لەم سەدەیەی ئێمەدا بەشێوازێکی ڕیشەیی لنگاوقوچ ببێت، ئەوا ئێمە لە زەمەنێکی چارەنوسسازی مێژوویدا هەڵکەوتووین". گەر پێشبینییە پووچگەراکانی بۆستروۆم ڕاست بن، ئەوا ئێمە تەنیا یەکجار چانس و هەلی ئەوەمان هەیە کە ماهیەتی هۆشی دەستکرد، بەجوانی و بەدرووستی دابهێنین. (یەکجار ئەو هەلە لەدەستبدەین و ماهیەتی هۆشی دەستکرد لەدەستمان دەربچێت،

کارلەکارترازاوە). باستڕۆم ساڵی ڕابوردوو بووبە باوک. پرۆسەی هاوسەرگیری و ژیانی خێزانی ئەو شتێکە کە زیاتر لەڕێگەی سکایپەوە بەڕێوە دەچێت! هاوسەرەکەی پزیشکێکی دانیشتووی هانکۆڤەرە! پێش ئەوەی من لەلای بڕۆم وەک ڕۆژنامە نووسێک لێی دەپرسم: ئایا بوونبە باوک، تێگەیشتنی ئەوی لەمەڕ ئەم پرسە ئایندەبینینانەی، هیچ نەگۆڕیوە؟ بۆستڕۆم: " تەنیا لەو لایەنەوە بوونبە باوک ئەو دیدگا پارادۆکسیە دەسەلمێنێت، سیناریۆ ئەرێنی و نەرێنییەکان. ئەم جۆرە فیکرانە، ئەوەی کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە جیهانی ئێمە بەتەواوی لنگاوقوچ ببێت، هەمیشە وا دەردەکەوێت قبوڵکردنی ئەم پرسە لەئاستی کەسیدا ئێجگار قورسە. گومانەدەکەم تا ئەو جێگایەی بتوانم لەمێشکی خۆم دا بوار بۆ هەردوو دیدگاکە و هەردوو ئەگەرەکە، ئەرێنی و نەرێنی، دەسازێنم."

به بۆستڕۆم دەڵێم، **لەکاتێکدا تۆ تاقیکردنەوە فیکرییەکانی خۆت لە مێشکتدا دەسازێنیت، نیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی لەبیری ئەوەدان ژەمە خۆراکی دواتریان لەکوێ دابین بکەن؟ ئایا مەترسی و هەڕەشەی هۆشی باڵا جۆرە کەڵکەڵە و نیگەرانییەکی دەستبژێرانە نیە؟** ئایا زۆربەی ئێمە لەبەر ئەوهۆکارە بیر لەنیگەرانییەکانی داهاتووە دووردەستەکان ناکەینەوە چونکە لەئێستادا نیگەرانی و خەمی لەڕادەی پێویست زیاتر بوونی هەیە و پێوەیان دەناڵێنین؟ بۆستڕۆم دەڵێت: " گەر ئەم کارە بەئاستێک بگەیشتایە هەموو جیهان سەرقاڵی خەرجکردنی ملیارەها دۆلاربان بۆ کارێکی وا و هیچ پارەیەک بۆ کارە ئاساییەکانی تر خەرج نەکرایە، ئەوکات دەمانتوانی ئەم کارەی من ببەینە ژێر پرسیارەوە. **گەر تۆ تەماشای تەواوی ئەوشتانە بکەیت کە جیهان لەدۆخی خەرجکردن و بەهەدەردانی پارەدایە لەپێناویان، و بەراوردی بکەیت بەوەی ئێمە، ئەوکات دەزانی ئەوەی ئێمە لەم بوارەدا خەرجی دەکەین پارەیەکی کەم و ناچیز و بگرە سەرسوڕهێنەرانەشە.** تۆ بۆ شارێک گەشت دەکەیت و لە فرۆکەخانەوە دەچیتە هوتێلێک. لەڕێگادا و لەنێو شارێگا و شەقامەکاندا بینەری بینا و ئاپارتمانە زەبەلاحەکانی ئەو کۆمپانیایە دەبیت کە هیچ کات ناوت نەبیستوون. ڕەنگە لەوکاتەدا ئەوان سەرقاڵی پلاندانان بن بۆ ڕووماڵێکی نوێی ڕیکلامی لەبارەی جۆرێکی موسی ڕیشتاشینەوە. تۆ بەتەنیشت سەدان نمونە لەم جۆرە ئاپارتمانانەدا گوزەردەکەیت. **هەریەک لەم کۆمپانیایانە سەرچاوەی دارایی وای لەبەردەستدایە، کە زۆر زیاترە لە هەموو ئەو پارەیەی کە مرۆڤایەتی بۆ ئەم بوارەی**

**منی خەرجەکات.** ئێمە نیوەی نهۆمێک لە ئاپارتمانێکی ئۆکسفۆردمان بەدەستەوەیە، دوو یان سێ گرووپی تریش هەن کە هاوشێوەی ئێمە لەم بوارەدا کار دەکەن. کەواتە من وا بیردەکەمەوە کە ئەم کارە هیچ کێشەیەکی نیە". لێی دەپرسم، ئێمە وەک کەسانی ئاسایی و هاوڵاتییەک چۆن دەتوانین لەبارەی ئەم مەترسییانەی کە ڕوو لە ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکەن، بیربکەینەوە و لەچوارچێوەیەکیان بئاخنین؟ بۆسترۆم شانەکانی بۆسەرەوە هەڵدەتەکێنێت و دەڵێت: " گەر ئێمە بیر لەچوارچێوە و مەودایەکی زەمەنی زۆر دورتر و درێژتر بکەینەوە، ئەوکات ڕووندەبێتەوە ئەو کارە زۆر بچوکانەی لەئێستادا ئەنجامی دەدەین، دەتوانێت لە داهاتوودا جیاوازییەکی گەورە درووستبکات".

وتارێکی نوێی بۆسترۆم کە دواتر لەماڵەوە خوێندمەوە، یاسایەکی گشتی بچکۆلانە دەخاتە بەرباس، بەهای ئەوەی هەیە لەیاد نەکرێت. بۆسترۆم بەم یاسایە دەڵێت "ماکسیپک". ئەم یاسایە لەسەر ئەم ئایدیایە بنیاتنراوە: کاتێک ئێمە بەرمەبنای خەمێک، بێ لایانانە بۆ هەموو مرۆڤایەتی وەک گشتێک کارێک ئەنجامدەدەین، ئامانجی کەمکردنەوەی مەترسییەکان لەسەر کۆی وجود، دەبێت لە ئەولەویەتدا بێت. ماکسیپک واتای چی؟ واتا: ئەگەری بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش بخەینە پێشینەی کارەکان، ئەنجامێکی باشیش دەتوانێت پێش بەڕوودانی کارەسات بگرێت. بێ گومان ئەم یاسایە نرخی ئەوەی هەیە تاقیبکرێتەوە.

سەرچاوە: tarjomaan